# دەفرە کوڵاوەکەی تاران لە ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩*

نووسەر: ڤ.م. ڤینۆگرادۆڤ

وەرگێڕان: مەنسوور سدقی

## پێشەکی وەرگێڕ

گۆڤاری "ئەرشیڤی رۆژهەڵات" بڵاوکراوەیەکی زانستیی ڕووسییە کە لە ساڵی ١٩٩٨وە لەلایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا ساڵانە دوو ژمارەی لێ بڵاو دەکاتەوە. ئەم گۆڤارە بابەتگەلی میژوویی، شوێنەوارناسی، بەڵگەنامە دیپلۆماسییەکان و دەستنووسە دەگمەنەکانی ڕۆژهەڵات (واتە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریکا) و لەوانەش میژووی کورد و کوردستان دەخاتە بەردەستی خوێنەران.

لە ژمارە (٢) (٢٧)ی ساڵی ١٩١٣ (ل.ل. ٨٧-٩٥) ، بەشێک لە بیرەوەرییەکانی قلادیمیر میخایلۆڤیچ قینۆگرادۆڤ، باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت لە تارانی بڵاو کردووەتەوە (٣) کە بریتییە لە دیدارێکی باڵیۆز دەگەڵ خومەینی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩.

دەستەی نووسەران (نقیسیارانی)گۆڤارەکە لە سەرەتای وتارەکەدا ئەم تێبینییەیان گونجاندووە:

"دیپلۆماتکاری بەناوبانگی یەکێتیی سۆڤیەت، "قلادیمیر میخایلۆڤیچ قینۆگرادڤ (١٩٢١/٠٨/٠٢ قینیز/ئیتاڵیا-١٩٩٧/٠٦/٢١ مۆسکۆ)"، نووسەری ئەم بڵاوکراوەیە کە باڵیۆزی فرەتایبەت و تەواوبڕیارڕبەدەستی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئێران بووە. ئەلێکساندر قلادێمیرۆڤیچ، کوڕی ف.م. قینۆگرادۆف دەستنووسی بیروەرەییەکانی باوکی کە زۆر بەباشی لە ئەرشیڤی باوکی پاراستبووی، بەدڵفراوانییەوە ڕادەستی ئێمەی کرد".

لە کۆتاییشدا، ڤیکتۆر گریگۆریڤیچ کۆرگوون(٤) ، لێکدانەوەیەکی ڕەخنەگرانەی لەسەر نووسیوە کە وەرگێڕدراوەکەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

وەک لە دەقەکەدا دەردەکەوێت، ئەم بەشەش لە بیرەوەرییەکان کورتکراوەیە، چونکە لە چەند شوێندا بە سێ خاڵ و یان بە (<...>) قرتێندراوە.

بڵاوکردنەوەی یاداشتی دیپلۆماتکاران و کاربەدەستانی دەوڵەت، کەرەستەیەکی خاو و یەکەمین سەرچاوە پێشکەش بە میژوونووسان دەکات. بەڵام لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆژیای زانستییەوە، ئەم جۆرە دەقانە هەمیشە دەکەونە ژێر پرسیار و گومانەوە، چونکە بەشێکی زۆریان لە چوارچێوەی "میژوونووسیی پاساوخواز" یان خۆدۆزینەوە لە بەرپرسیارێتیی میژوویی دەنووسرێنەوە. ئەو دەقەی لێرەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، نموونەیەکی ناوازەی ململانێی نێوان "گێڕانەوەی فەرمی" و "ڕەخنەی میژوویی"یە؛ بابەتەکە لە بەشێک لە یاداشتەکانی قلادیمیر میخایلۆڤیچ قینۆگرادۆڤ، باڵیۆزی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران (١٩٧٧-١٩٨٠) پێکهاتووە و پاشکۆیەکی شیکاریی و ڕەخنەیی لە لایەن پڕۆفیسۆری میژوونووس ڤیکتۆر گۆرگیڤیچ کۆرگوون بۆ زیاد کراوە. بایەخی ئەکادیمیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە خوێنەر تەنها لەبەردەم گێڕانەوەیەکی تاکلایەنەدا ڕاناگرێت، بەڵکو پڕۆفیسۆر کۆرگوون بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی میژوونووسیی ڕەخنەیی و پێداچوونەوەی میژوویی، بەرپەرچی هەندێک لە یاداشتەکان دەداتەوە.

لێرەدا دەتوانین چەند ڕەهەندێکی ڕەخنەیی میژوویی لەم بابەتەدا بەرجەستە بکەین:

ڕەخنەی دەرەکی و ناوەکیی دەق

کۆرگوون تەنها دەقی گوتەکانی باڵیۆز وەک ڕاستییەکی ڕەها وەرناگرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی بەراوردکردنی یاداشتەکان لەگەڵ بەڵگەنامە فەرمییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت و ئەرشیفە نهێنییەکانی کەی-جی-بی، ڕادەی ڕاستگۆیی و "بابەتیبوونی" نووسەر دەپێوێت.

دیاردەی "شێواندنی میژوویی بە ئەنقەست"

پاشکۆ دەری دەخات کە چۆن باڵیۆز لە ڕێگەی "سڕینەوەی میژوویی" یان شاردنەوەی بەشێک لە ڕاستییەکان، ویستوویەتی قەبارەی ئەو شکستهێنانە دیپلۆماسییە بشارێتەوە کە مۆسکۆ لە تاران دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩دا تووشی ببوو.

دژە-گێڕانەوە

پڕۆفیسۆر کۆرگوون لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەیەوە، دژە-گێڕانەوەیەک بەرامبەر بە "گێڕانەوەی فەرمی" دەوڵەتی سۆڤیەت ئاشکرا دەکات. ئەو دەیسەلمێنێت

کاتێک باڵیۆز ویستوویەتی لە تاران پاساوی "یاسایی و دۆستانە" بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان بهێنێتەوە، لە ڕاستیدا لە ناوەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ئەم هەنگاوە وەک "پێشێلکارییەکی ڕوونی یاسای نێودەوڵەتی" و هێڵێکی سوور سەیر کراوە.

## گرنگیی وەرگێڕانی بابەتەکە بۆ توێژەرانی کورد

ئەم وەرگێڕانە بۆ خوێنەر و توێژەری کورد لە بوارەکانی مێژوو، زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، گرنگییەکی میتۆدۆلۆژیی هەیە. بابەتەکە فێرمان دەکات کە چۆن مامەڵە لەگەڵ یاداشتە سیاسییەکاندا بکەین و بە بێ بەکارهێنانی "میتۆدی ڕەخنەیی" کەرەستە ئەڕشیفییەکان وەرنەگرین. هاوکات، دەروازەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە هاوکێشەکانی جەنگی سارد و دیپلۆماسیی قەیران لە ناوچەکەدا، کە کاریگەریی قورسی بەسەر چارەنووسی گەلی کوردیشەوە هەبووە.

لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئەم بابەتەدا، هەوڵ دراوە پارسەنگی و ئەمانەتی زانستی لە گواستنەوەی زاراوە مێژوویی و ڕووسییەکاندا بپارێزرێت، تاوەکو دەقەکە وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا بەکار بهێنرێت.

(١)

## بەشێک لە بیرەوەری باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت ڤ.م. ڤینۆگرادڤ
## تاران. ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩

باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت. سەرەتای ساڵی نوێ. لە دوا ساتەکانی ساڵی ١٩٧٩ ڕووداوێکی نائاسایی و دەگەمەنی ژیان ئەزموون کرا. ئێمە هەموومان کەوتینە نێو دەفرێکی کوڵاو. دەفرەکە خرۆشان پەری سەند و ئیتر تەقییەوە: لە فێبریوەریدا شۆڕشێک ڕوویدا و کۆتایی بەو دەسەڵاتە پاشایەتییە هێنا کە زیاتر لە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ حوکمڕانی ئەم وڵاتە کەونار و بەناوبانگەی کردبوو... .

شا و ڕاوێژکارانی دەروەی وڵاتەکەی، بەسە ڕووداوەکاندا زاڵ نەبوون. نە لە ڕۆژاوا و نە لە پاریس، لەژێر ئاگری چاوبەزێنی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کۆشکە زێرینەکانی وڵاتێکی کەونار و بریقە بریقی خشل و مرواریەکانی، ڕق و کینەی کەڵەکەبووی ملیۆنان خەڵکی هەژاری نەخوێندەوار کە لەنێو کۆخە سەدە نێوەڕاستییەکاندا کپی یەکتر دەژیان، دیار نەبوو. لە بەندەر عەببەس، یەکێک لە بەندەرەکانی باشوور، ئێمە شەوانە لەبەر کرێکارانی پاڵکەوتووی بەندەر کە پاش ڕۆژێکی دژواری کارکردن لێرەو لەوێ خەوتبوون، نەماندەتوانی لە پارکێکدا پیاسە بکەین. ئەم دیمەنە بۆ بەرپرسە باڵاکانی پارێزگار کە یاوەری ئێمە بوون زۆر ئاسایی بوو و جگە لە بێزاری هیچ هەستێکی دیکەیان نەدەوروژاند.

شا نەیبینی کە تەنانەت دەوڵەمەندەکانی وڵاتەکەشی لەبەر بێبەشبوونیان لە دەسەڵات، ڕقیان لێیەتی و چاوەڕێی کەوتنین. ئاخر زۆر شت پێویست بوو بگۆڕدرێت، بەڵام بەپێچەوانە تەنانەت ئەو سەرمایەدارە نوێیانەی پارەی زۆریان هەبوو، ناچار بوون کڕنۆش لەبەر دەم شا و بنەماڵە زۆر و زەوەندکەیدا بکەن و بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانیان خۆیان بچوک بکەنەوە.

[ئەی] خۆپێشاندانە شۆڕشگێڕانەکانی خوێندکاران؟ گەڵتەجارییەکی منداڵانەیە، منداڵبازارییە. دەبێت لە زیندان بکەرێن و لە زانکۆ دەریان بکەن.

ئاخر شا دەزانێت وەرگرتنیان لە زانکۆ، چەندە دژوارە. ئەمەش ئیتر هەڵەیەکە بۆ چاوپۆشیین نابێت:

ئەی مەلاکان کێن؟ کە پێشتر ڕەزاشای باوکی، سەرکوتی کردن، و شاژنیش بە بێ چارشێو دەردەکەوت!

ڕێک بەهانەیەک بوو بۆ خومەینی تاکوو پاساو بۆ شەرعیەتی دەسەڵاتی ئیسلامی بهێنێتەوە و بەرامبەر بە پارێزبەندی دیپلۆماسیی هەموو ئەمریکییەکان لە ئێران، ناڕەزایەتی دەربڕێت. محەمەد ڕەزا پەهلەویش بۆ عێراق، بۆ کەربەلا، بۆ لای گۆڕە پیرۆزەکانی شیعە دەربەدەری کرد:

بڕۆ لەوێ دابنیشە و دەگەڵ ڕیشی خۆتدا چی

دەڵێیت بیڵێ و بۆخۆت بۆڵەبۆڵ بکە.
حیزبی مارکسیستیی تووده هیچ سەرنجڕاکێش نییە: پەیکەرەی سەرکووت کراوە، دیارە هێشتا کەسانێکیان بە نەهێنی ماون و لە تاراوگەش هەن و لە دەروەی وڵات زانیاری بڵاو دەکەنەوە؛ مەترسییان بۆ نێوخۆ نییە. گشت هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەیان لە نمایشێک زیادتر نییە.
شا بێ ئاگا لەوەی لە دەوروبەری چی دەگوزەرێت، ئامانجی خۆی بەم شێوانە دەردەبڕی:
خەڵک دەبێ دڵخۆش بن. وڵاتەکەیان لە گەشەکردندایە، بەرەو "شارستانیەتێکی گەورە" هەنگاو دەنێت.
بەڵام لەناکاو ... لە ماوەی چەند مانگێگدا، دەسەڵاتی پاشایەتی نەما و شەپۆڵی بەهێزی سەرهەڵدانی گەل، ڕژێمی سڕیەوە.
گەلێک زانیاری، بیرۆکە و هەواڵی دژبەیەک بڵاو دەبوونەوە.
لە کاتی گۆڕانکارییە مێژوویییەکاندا، جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆ، پێویستی بە هۆشیاری و زانیاری هەیە. لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا، لە ژینگەیەکی ٢٤ سەعاتی تەقەکردن، خۆپیشاندان، تەقینەوەی هەستی جەماوەری و نەبوونی "چالاکوانانی" دەنگ بەرز، چۆن مرۆڤ دەتوانێت دیاری بکات ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن؟
ئێمە بە خۆشییەوە، هەم سەردەمیانە و هەم بەشێوەی دروست هەڵسوکەوتمان کرد؛ تێگەیشتین چی ڕوویداوە. لەخۆڕا نەبوو کە ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لە مارکسیزم-لینینیزم و یاساکانی گەشەسەندنی مێژووییی، ئەوەندە خۆمان ماندوو کردووە.
١١ی ٢ی ١٩٧٩، سەرەنجام شۆڕش سەرکەوت. ڕێک ١٥٠ ساڵ پاش کوشتنە قێزەونەکەی ئا.س. گریبایدۆف، باڵیۆزی ڕووسیا لە پارس و سڕینەوەی گشت نێردراوەکانی ئێمە. بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیرە.
لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی یەکەم مانگەکانی دوای شۆڕش ئاسان نەبوو. بە هەر حاڵ، یەکەم باڵیۆز کە ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەگەڵ بازرگان، سەرۆکی حکومەتی کاتیی کۆبووەوە، باڵیۆزی سۆڤیەت بوو. هەروەها یەکەم باڵیۆز لەنێو تەواوی باڵیۆزەکاندا کە خومەینی، ڕێبەری نوێی ئێران، تەنها دوای هەفتەیەک پێشوازی لێکرد، دیسان باڵیۆزی سۆڤیەت بوو. ئاخر ئێمە هاوسێین. "ڕوو بەکاتە باکوور"، ئامۆژگارییەکی ئەوەندە خراپ نییە، بەڵام هەنووکە دەبێت بە ڕۆانگەیەکی جیاوازتر بێت. دیارە دواتریش چەند دیدارێکی دیکە دەگەڵ خۆمەینی کرا کە دەوروبەرە کۆنەپەرستەکانی تووڕە کرد.
بارمتەگرتنی کارمەندانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران ڕووداوێکی ئاڵۆزی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٧٩ بوو. داخوازییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بریتی بوون لە: ڕادەستکردنی شا و گەڕانەوەی دارایییەکانی ئێران کە لە بانکەکانی ئەمریکا ئەسپاردە کرابوون.
"گرتنی باڵیۆزخانە" بێشک کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەیر و سەمەرەی بەدوادا هات.
ڕێک لەم کاتەدا "لینگن"(٥) ، کاربەڕێکەری کاتیی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران، واتە سەرۆکی باڵیۆزخانە، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەکات! دیارە ... هەر لەوێندەرێ مایەوە و "ماڵی مانەوە"یان بە تەلەفۆن لەبۆ پەیوەندی بەردەوام دەگەڵ واشینتن، لە پشتەوەی وەزارەتی دەرەوە بۆ دابین کرد و تەنانەت باڵیۆزی سویس پەیامە دیپلۆماسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەردەوام پێدەگەیاند...
ساڵی تازە نزیک دەبووە. کاروبارەکان کەمتاکورت سەقامگیر ببوون. تا ڕادەیەک دەکرا ئاسوودە بین. لە ٢٦ی دیسەمبەر بانگهێشتی باڵیۆزەکانی چیکوسلاڤیکیا، کۆماری دیموکراتیکی ئەڵمانیا، بۆلگارستان، هەنگاریا، پۆلۆنیا و ڕۆمانیا، دەگەڵ کارمەندەکانیانمان کرد. لە تەواوی مانگە پڕ لە دڵەڕاوکێکاندا، شانبەشان کارمان کرد، زانیارییەکانمان ئاڵوگۆڕ کرد، ڕووداوەکانمان بە هاوبەشی شرۆڤە

کرد، چەند جار لە هەفتەدا کۆ دەبووینەوە، لە باری دارایی یارمەتی یەکترمان کرد، لە کاتی مەترسیی هێرشەکاندا، ژنان و منداڵانی یەکترمان دەشاردەوە. بە یەک وشە – هاوڕێ و هاوسەنگەر بوون.

هۆڵی باڵیۆزخانەکەمان پڕ بوو لە میوان و دیارە هەواڵانی خۆمان زۆرتر بوون. کۆنسێرتی "ئەنترناسیۆنالیستی"، یاری و سەما بەڕێوە چوو. هەڵبەت خوانێکی ڕازاوەش هەبوو، پیم بلی ئاخر ساڵ تازە چۆن بێ خواردن و خواردنەوە بەڕێوە دەچێت؟ لە کەشێکی ئارام، خۆشی و شادیدا بووین، وەک بڵێی باریکی گران لەسەر شانمان لاچووبێت. زیاتر لە دوو ساڵ بوو پشووی ئاوامان نەدیبوو.

... لە یەکێک لە دەرگاکانی کە بە هۆڵەکەدا دەکرانەوە، چاوم بە درزێکی تاریک کەوت و یەکێک لە هاوڕێکانمان دەرکەوت و ئاماژەیەکی پێم دا. داوای لێبوردنم لەو باڵیۆزانە کرد کە لەدەوری مێزێکدا دانیشتبوون و بەرەو دەرگاکە چووم.

-ڕاسپاردەیەکی خێرا بۆ ئێوە هاتووە.

بانگی یەڤگێنی دمیتریۆیچ ئاستراڤێنکا، ڕاوێژکاری باڵیۆزم کرد: "با بچینە نهۆمی سەرەوە".

... بە تووڕەییەوە کاغەزەکەم فڕێدایە سەر مێزەکە، هەستم بە نائارامی دەکرد. بۆچی ئەوە کراوە؟ ئەوە بێمانایە، ئایا کەس لە مۆسکۆ، داب و نەریتی گەلانی ڕۆژهەڵات و ناناسێت؟ شکستە شەرمەزارکەرەکەی ئینگلیزەکان لە ئەفگانستان تەنها ٦٠ ساڵ لەمەوبەر بوو! ئێڤگنی دیمیتریڤیچیش بە سەرسوڕمانەوە سەری دەلەقاند- چ هاوڕێیەکی وریا بوو. ئەی لەو کارەی! هیچ ناکرێت، ئەرکێکە بۆ باڵیۆز و دەبێت جێبەجێ بکرێت.

ڕاسپاردەکە: خێرا خومەینی ئاگادار بکرێتەوە کە بەگوێرەی داواکاریی دەوڵەتی ئەفگانستان، لە ٢٧ی دیسەمبەردا، حکومەتی سۆڤیەت "یەکەیەکی سنووردار" لە سەربازانی سۆڤیەتی بۆ هاوکاری و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژی دەرەکی بۆ سەر ئەفگانستان، ڕەوانەی ئەم وڵاتە دەکات. هیوادارین ئێران بە تێگەیشتنەوە سەیری ئەم هەنگاوە کاتی و ناچارییە بکات.

چاوم لە کاتژمێر کرد: نزیک ١٠ی شەو بوو. تەنیا ٢ کاتژمێر بۆ ٢٧ی مانگ مابوو. ماوەیەک پێش خومەینی ڕایگەیاندبوو دیدار دەگەڵ باڵیۆزە بیانییەکان ناکات و بۆ ئەمە دەوڵەت هەیە و ئەو دەوڵەتمەدار نییە، بەڵکوو ڕێبەرێکی ئایینی کۆمەڵانی خەڵکە و دەچێتە شاری قوم بژی؛ ئەو شارەی کە شوێنی نیشتەجێبوونی نەریتیی، ڕێبەرانی باڵای ئایینیی باڵای ئێرانە و ١٥٠ کیلۆمەتر لە تارانەوە دوورە.

تێماوم چی بکەم؟ وێدەچوو ئەم ئەرکە جێبەجێ ناکرێت. بەڵام یەک شت ڕوون بوو و منیش زۆر باش لەوە تێدەگەیشتم: بە دڵنیاییەوە دەبێت کاری وا بکەم کە ئەم هەواڵە، ئەگەرچی دڵنیام بۆ خومەینی ناخۆش دەبێت، لە منەوە ببیستێت نەک لە ڕاپۆرتی ڕاوێژکارەکانییەوە، کە دیار بوو ئەوانیش بەیانی لە ڕادیۆ بیانییەکانەوە پێیان دەزانی. لە ڕاستیدا، مەبەستی سەرەکی لە سەردانی خومەینی هەر ئەمە بوو؛ لێم ڕوون بوو هەرچەندە هەوڵیش بدەم، ناتوانم قەناعەت بە خومەینی بێنم کە ئەم هەنگاوە نائاساییەی ئێمە ڕاستە، چونکە خۆشم بەڕادەیەکی زۆر لێی تووڕە و بێزار بووم.

هاوڕێیانم ڕاسپارد هەوڵ بدەن خێرا پەیوەندیی بە نووسینگەی خومەینی بکەن و بە پێداگرییەوە داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلە بکەن و ئاماژەش بەوە بکەن کە پرسێکی نائاسایی ڕوویداوە؛ هاوکاتیش داوای یارمەتی لە وەزارەتی دەروە بکەن تاکوو ڕێگە بدەن خیرا بچینە قۆم. ئینجا گەرامەوە بۆ لای میوانەکان و داوای لێبوردنم لێیان کرد کە بەهۆی ئەرکێکی بەپەلە دەبێت بەجێیان بهێڵم، بەڵام داوام لێ کردن سبەی کاتژمێر ١٦ کۆببینەوە و هەموو زانیارییەکانیان پێ ڕادەگەیێنم. باڵیۆزەکان کەسانی بەئەزموونن؛ لە دۆخی من تێدەگەن. ئاخر ئێمە دەمێکە متمانەمان بە یەکتر هەیە.

بەداخەوە هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. نووسینگەی خومەینی وەڵامی دایەوە: هەموو باڵیۆزەکان ئاگادار کراونەتەوە کە خومەینی بەشداری لە کاروبارەکانی

دەوڵەت ناکات و پێویستە پەیوەندی بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە بکەن؛ هەڵبەت ئیمام باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت باش دەناسێت، ئێستا خەوتووە. ئایا باڵیۆز نەریت و هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان نازانێت؟

لە وەزارەتی دەرەوەش کەسێکی ئێشکچی پاش ماوەیەک وەڵامی دایەوە، "تاکوو بەیانی چاوەڕوان بن". لەم سەردەمەدا قوتبزادە، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو (لە ساڵی ١٩٨٣ بە تۆمەتی سیخوری بۆ ئەمریکا لەسێدارە درا). هەر ئەو کاتیش هەستمان بە نامۆیی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی کردبوو و نەماندەویست تەلەفۆنی بۆ بکەین، چونکوو دەمانزانی بابەتەکە چۆن پێشکەش بە ئیمام دەکات. بڕیاریش نەبوو زانیارییەکان بۆ کەسی تر بگوازینەوە. ئەی چی بکەین؟

دوام کرد دیسان تەلەفۆن بۆ وەزارەتی دەرەوە بکەن و ژمارە تەلەفۆنی "حەقگوو" وەربگرن کە یەکێک لە جێگرانی وەزیری دەرەوەی ئێران بوو و وای نیشان دەدا کە هەمیشە ئاگای لە ئیمە هەیە. ژمارەی ماڵەکەیمان وەرگرت، بەڵام خزمەتکارەکەی(!) بۆڵە بۆڵێکی کرد و گوتی حەقگوو لە ماڵ نییە و ناتوانێت ژمارەی ئەو شوێنەمان بداتی (دیاربوو لە شوێنێک ڕایدەبوارد). پاش پێداگرێکی زۆر (هەڵبەت ئاستراقێنکا و نیکەڵای کۆزێرڤ فارسییەکی باشیان دەزانی) خزمەتکارەکە ژمارە تەلەفۆنەکی پێ داین. تەلەفۆنمان کرد و داوای حەقگوومان کرد و من قسەم دەگەڵ کرد (بە زمانی ئینگلیسی). پێم ڕاگەیاند کە هەڵگری ڕاسپاردەیەکی فرە گرنگ و بەپەلەم کە دەبێت هەر ئەمشەو ڕاستەوخۆ لە دیدار دەگەڵ خومەینی پێی ڕابگەیەنم؛ دیارە نزیک نێوە شەوە و ئیمام لە قۆمە، بەڵام لە ژیاندا بارودۆخی چاوەڕواننەکراو و نائاسایی ڕوو دەدات. چی بکەین؟

حەقگوو(٦) دوای کەمێک بیرکردنەوە، وتی کە بێگومان ناتوانێت دیدارێک لەگەڵ خومەینی ڕێکبخات – دەرەنگ بووە، بەڵام مۆڵەتی فەرمی بۆ گەشتەکە بۆ قوم دەدات. ئەمە ئیتر دەسکەوتێک بوو. بەگەرمی سپاسی حەقگووم کرد و تکایەکی دیکەم لێکرد: چەند پاسەوانێکی (چەند پاسدارێکی) چەکدارمان دەگەڵ بخات ، چونکوو شەوە و گەلێک بازگە لەسەر ڕێگەکان هەن و ڕێگەکەشمان دوور و درێژە و ئێمە دوو ئۆتۆمبێلمان پێ دەبێت. جێگری وەزیر بەڵێنیی پێدایین، داواکانی ئێمە جێبەجێ بکات. پاش نزیکەی ٢٠ خولەک، سێ چەکداری ڕیشدار پەیدا بوون. ئێمەش خۆمان بۆ سەفەر ئامادە کردبوو. کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی بوو.

تاریکیی باڵی بەسەر شەقامەکاندا کێشابوو، هیچ جموجوولێک نەبوو. شار مردبوو. هەندێک جار چرای دەستی پاسەوانانی بازگەکان دەدروشانەوە. دەبوو وەک هەمیشە ئاڵای یەکێتیی سۆڤیەت لە ئۆتۆمبێلەکانمان بدەین. بەڵام بەتووڕەییەوە گوتیان: نەخێر نابێت، لە دوورەوە دەنگی تەقە دەهات. پاسدارەکان گوتیان چرای ئۆتۆمبێلەکان خامۆش بەکەین و چرای ژوورەوە هەڵکەین.

وەڕێ کەوتین، هەمان شەوەزەنگ لە ڕێگەش دایگرتین. هەوڵم دا بە ڕادیۆی ئۆتۆمبێلەکە ئیزگەیەکی بیانی بگرم. یەکێکم دۆزیەوە، بەڵام سەبارەت بە ئەفگانستان هیچ هەواڵێکی پێ نەبوو. چەلی بەڕێوەین و بیر لە پلانێک بۆ ئەم دیدارە بەڕواڵەت محاڵە دەگەڵ خومەینی دەکەمەوە و پرسیاری ئەو و وەلامی خۆم دەخەملێنم. بێگومان ئەو دەقە ڕەقەی کە لە مۆسکۆوە لەنێو کەوانەدا نێردراوە، شایانی خوێندنەوە نییە چونکە لەوێدا ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی لایەنی بەرامبەر، کەشی گفتوگۆکە، و ئەو بارودۆخانە نەکراوە کە ڕاسپاردەکەی تێدا جێبەجێ دەکرێت.

پەیوەندییەکانی ئێران دەگەڵ ئەفگانستان ئاڵۆزە. دۆستایەتێکی مێژوویی لەنێوانیاندا نەبووە. شەڕیان هەبووە، هەندێک جار ئێران سەرکەوتووە و هەندێک جاریش ئەفگانستان. ناکۆکییان هەیە، بۆ نموونە لەسەر ئاوی ڕووباری هیرمەند. لە ئێراندا، ڕق و کینە لە ئەفگانستانییەکان پەرەی پێدراوە. زۆرێک لە ئێرانییەکان خۆیان لە هەر ڕوویەکەوە هەمیشە باڵاتر لە ئەفگانەکان زانیوە و

وەک ڕەگەزێکی نزمتر چاویان لێکردوون. ئەمەش بەهۆی ئەو ڕاستییەوە بوو کە لە سەردەمی شادا نزیکەی ٩٠٠ هەزار ئەفگانستانی بێکار لە ئێران بۆ بژێوی ژیانیان ناچاربوون قورسترین کارەکان بکەن. بەپێی دابونەریتی نەتەوەیی، هەر ئەفگانستانییەک چەقۆیەکی لەنێو چەکمەکەیدا شاردووەتەوە، بۆیە زۆربەی تاوانەکان دەخرێتە ملی نەفگانستانییەکان. لە ماوەی خزمەتم لە ئێراندا، چەندین حاڵەتی دادگاییکردنی سەرشەقام و خۆسەپاندنی یاسا لەلایەن جەماوەرەوە دژ بە ئەفگانستانییەکان ڕوویداوە و وەک ڕێگر و چەتە لەسەر ستوونەکان هەڵدەواسران. شای ئێران لە گفتوگۆکانیدا دەگەڵ من، هەمیشە بەگاڵتەجاڕی و سووکیەوە باسی ئەفگانستانی دەکرد. کاتێک لە ساڵی ١٩٧٨ شۆڕشی ئاوڕیل(٧) لە کابول ڕوویدا ، شا نیگەران بوو. لە وتوێژێکدا لێی پرسیم: ئەوانە چ کەسانێکن هاتوونەتە سەر دەسەڵات؟ ئەو گومانی نەبوو کە حکوومەتەکەی داوود گەندەڵە و دیارە هیوادار بوو، بڕووخێت. بەڵام دەیگوت ئەم کەسە نوێیانە کێن؟ دەڵێن چەپ و مارکسیستن.

پرسیارم لە شا کرد: بۆچی نیگەرانی هاتنە سەر دەسەڵاتی چەپەکانە، چ پەیوەندییەکییان پێکەوە هەیە؟

شا خەریک بوو هەڵچێت، گوتی: دەڵێی چی؟ ئاخر ئەو کاتە ئیوە بۆ دەریا گەرمەکان نزیکەی ٤٠٠ کیلۆمەترتان دەمێنێت! ئینجا ڕاسپاردەکەی پێتری مەزن وەدی دێت. لەوێ پاکستانە، من ڕێگە نادەم هیچ کەس تخوونی بکەوێت!

دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەبارەی بەهەڵە تێگەیشتنی "ڕاسپاردەی پێتری یەکەم"، ڕوونکردەوەیەکی مێژوویی پێی بدەم، پاشان جەختم لەوە کردەوە کە: "پێویست ناکات نیگەران بن، مەگەر ئێوە هەمیشە نەتان گوتووە کە هیچ کات لە سنووورەکانی باکووری ئێران، واتە لە یەکێتیی سۆڤیەتی کۆمۆنیستیی، نیگەران نیم. ئێستاش پێویست ناکات سەبارەت بە سنووورەکانی ڕۆژهەڵات، واتە ئەو شوێنەی ئێوە پێتان وایە ئەفگانستانی چەپە، نیگەران بن". شا زەردەخەنەیەکی بەم حەنەکەی من هێنا ...

... گومبەزەزێرینەکانی مزگەوتەکانی قوم لەژێر کازێوەی بەرەبەیانی، لێمان دەرکەوت. زۆر پێشتر لە دەروازەی شار، بە چەند بۆشکەیەکی ئاسنی پڕ لە زیخ ڕێگەکە گیرابوو، ئەمە یەکەم بازگە بوو. چەکدارێکی ڕێشدار لە بۆتکەیەک بەپەلە دەرکەوت و بەسەرسووڕماویی تەماشای ئاڵا سوورەکەی دەکرد. پاسەوانە ڕێشدارەکانمان گووتیان "خۆمانیین"، باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت لەبۆ ئەرکێکی بەپەلە دەچێتە سەردانی ئیمام.

پەلەیان نەبوو ڕێگەمان بدەن. هەوالەکەیان بۆ ئەملا و ئەولا برد و گەڕانەوە و ڕێگەیان پێداین. پاش کیلۆمەترێک، دیسان هەمان چیرۆک. بەم شێوەیە لە ٥ یان ٦ بازگە تێپەڕ بووین، پەیامیان بۆ یەکتر دەنارد: "باڵیۆزی یەکێتیی سۆڤیەت دەچێتە لای ئیمام".

ئێمە گەیشتینە نزیک ئەو کۆڵانەی کە خانووی بچووکی خومەینی لێ هەڵکەوتبوو. ئێمە ڕێگەکەمان بە باشی دەزانی. ئاخر چەند جارێک هاتبووین. پاسەوانەکان کە دەوری ئاگرێک کۆببوونەوە و دیار بوو تەواوی شەو خەریکی برژاندن بوون، بەهەڵاتن بەرەوڕوومان هاتن و بەتوندی دەورەیان داین. بەهیچ شێوەیەک ڕێگەیان پێ نەدەداین تێپەڕ ببین و گوێیان بە داوکارییەکانی ئێمەش نەدەدا. فەرماندەکەیان لەمنی پرسی: مەگر نازانی ئێستا ئیمام خەوتووە. منیش چاوێکم لە کاتژمێرەکەم کرد، کاتژمێر ٧ و نیوی بەیانی بووە. گوتم نا، ئیمام نیو کاتژمێرە لەخەو هەستاوە و خۆی بۆ نوێژ ئامادە دەکات (خشتەی بەرنامەی ڕۆژانەی خومەینیمان بەباشی دەزانی). ئینجا فەرماندەکە ڕێگەی پێداین بەرەو نووسینگەی ئیمام تێپەڕ بین. لە خانوویەکی بەرامبەر بە شوێنی مانەوەی خومەینی، ئاستراقێنکا دەگەڵ بەرپرسی نووسینگە باسی بابەتەکەی بۆ کرد و ئێمەش هەر لەوێندەری چاوەڕوان بووین. پاسەوانەکان ڕازی نەبوون، ئاستراقێنکا دەگەڵیان ڕۆیشت.

ئێمە نزیکەی ٤٠ خولەکێک چاوەڕوان بووین.

سەرەنجام ئاستراڤێنکا گەڕایەوە و گوتی کە بەرپرسی نووسینگە، سەری سووڕماوە و گوتوویەتی، ئێمام ڕێگە نادات، بەڵام پاش گفتوگۆیەکی دوور و درێژ، ڕازی بووە باڵیۆز بێتە نووسینگە. ئاستراڤێنکا دوای گەڕانەوەی بۆ لای ئێمە گوتی کە بەرپرسی نووسینگە، عەبا ڕەشە درێژەکەی لەخۆی پێچا و بە چەکە چەکی نەعلەکە بەرەو ماڵی خومەینی بۆ ئەو دیوی کۆڵانەکە ڕایکرد.

ئێمە چووینە نێو "نووسینگە". پاسەوانە چەکدارەکان لەسەر فەرشێکی سوور لەسەر زەوی دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە و بەڕێزەوە داوایان لە ئێمە کرد دانیشین و لە پیاڵە کەمەر باریکەکاندا چایمان پێبدەن. نەدەکرا ڕەتی بکەینەوە. بەدڵفراوانێکی زۆرەوە پیشوازییان لێ کردین. لە پشتی شووشەکانی پەنجەرەیەکی گەورەوە، ڕێک لە کۆڵانێکی تەنگدا، ماڵەکەی خومەینی دیار بوو.

نیوکاتژمێرێک دواتر بەڕێوەبەری نووسینگە کە تووڕەیی پێوە دیار بوو وەژوور کەوت و گوتی، ئیمام دەتانبینێت و خێرا دەرچوو. ١٠ خولەکێکی پێچوو و بە دەست ئاماژەی پێ کردین، خێرا بن، خێرا.

ئێمە چووینە ماڵی خومەینی. وەک نەریتە، پێش چوونە نێو ژووری پێشوازی، پێڵاوەکانمان داکەند. چووینە ژوورەوە و لێرە وەک هەمیشە هیچ مۆبڵێکی لێ نییە. لای یەکێک لە دیوارەکان، لەسەر زەوییەکە بەتانییەکی شین و سپی شەترەنجی کە دووجار بە درێژایی قەد کراوەتەوە، ڕخڕاوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەبێت ئیمام و من لێی دانیشین.

پاش دوو خولەکێک خومەینی دەرکەوت. بە نیمچە کڕنۆشێک سلاومان لێ کرد، خومەینی دەست لە تەک هیچ کەس ناداتەوە، بەڵام لە یەکەم دیدارماندا، دەستمان لە یەک داوە. بە دەست ئاماژەی پێکردین، دانیشین. چاوەکانی وریا، بەڵام بەگومان بوون، برۆ پڕمووکانی بە مۆنی وێک هێنابوو، و مێزەرە ڕەشەکەی کەمێک بەرەو پشتەسەری لار ببووەوە، دیار بوو بەپەلەپەل بەستراوە، هەموو ئەمانە دەگەڵ وریاییەکەی نەدەگونجا.

دیارە من بە داوای لێبوردن سەبارەت بەوەی پێشتر مۆڵەتی دیدارمان لێ وەرنگرتووە، دەستم پێکرد و گوتم، لە ژیان و کاروباری ڕۆژانەدا بەدەگمەن ڕووەدات کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان، دەبێت چاوپۆشی لە ڕێوشوێنەکان بکەین. بۆیە ئێمە زۆر سپاسی ئیمام دەکەین کە بەم بەرەبایەنییە ئێمە قبووڵ کردووە.

پێشەکییە درێژ و پڕ لە ڕێزەکەم کە بە باشترین شێوازی فارسی داڕێژرابوو، کاریگەری لەسەر ئیمام دانا. هەستم پێکرد کە کەمێک ئارام ببووەوە، تەنانەت جار جار سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی دەلەقاند، وەک ئەوەی بڵێت، شتگەلێکی چاوەڕواننەکراو لە ژیاندا هەیە.

لە ژوورەکەدا بێجگە لە ئێمە، واتە ئاستراڤێنکا، ماریاسۆڤ و من کەسی دیکەی لێ نەبوو. ئەمەش بۆ گفتوگۆیەکی ڕۆژهەڵاتیانە دۆخێکی گونجاو بوو. دیارە لەڕووی هیچ نووسراوەیەک نەدەدوام، دەنا هەوڵەکەمان پووچەڵ دەببووەوە. بۆ دەربڕینی بیرۆکەکە، بەرز و نەزم کردنی ئەدای پەیڤەکان و مەودا دان لەنێوانیندا و جووڵەی سووکی دەست، یارمەتیدەرم بوون.

کرۆکی بابەتەکەم بەوە دەستپێکرد کە بەپێی ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی باڵای وڵات هاتووم لای و ڕاسپێردراوم ئەو زانیارییانە تەنیا بیگەیەنمە خودی ئیمام، بۆیە ئەوەندەش پێداگر بووم بۆ ئەم چاوپێکەوتن؛ چونکە لە دۆخی ئاساییدا، دیارە ئەم شێوەیە بەڕەوا نابینرێت.

دواتر باسی مێژووی پەیوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ ئەفگانستانم کرد هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە کاتێک ئەم وڵاتە سەربەخۆیی بەدەست هێنا. ئەم بابەتم باش دەربڕی، چونکە لە ساڵانی ڕابردووەدا جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرپرسی پەیوەندییەکان دەگەڵ ئەفگانستان بووم و چەندین جار سەردانی وێندەرێم کردبوو؛ هەروەها بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی پەیوەندییەکانی ئەفگانستان و یەکێتیی سۆڤیەت، پێداچوونەوەم بە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی

سەرنجڕاکێش سەبارەت بەم پەیوەندییانە کردبوو. بەڕاستیش لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێمە دەگەڵ ئەفگانستاندا، زۆر قۆناغی سەرنجڕاکێش و هەژێنەر هەبووە. ئیمام دیار بوو بەباشی گوێی هەڵخستبوو. هاتمە سەر بارودۆخی هەنووکەیی و باسی تایبەتمەندیی نێوخۆیی شۆڕشی مانگی ئاوریلی ئەفگانستان و تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئامانجەکانی حکوومەتی تازەی ئەم وڵاتەم کرد، هەروەها جەختم لەوە کردەوە کە ئەم ئامانجانە لەگەڵ بەرنامەی چاکسازییەکانی ئیمام لە ئێراندا، هاوبەشی زۆریان هەیە و مەبەستی هەردوو، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرە. باسم لە نەیارانی شۆڕش و هەوڵە بەردەوامەکانیان کرد بۆ گەڕاندنەوەی ڕژێمی کۆن و ئەو هاوکارییە سەربازییانەی لە ئەمریکاوە پێیان دەگات. ئاماژەم بەو هەوڵانە کرد بۆ وەستاندنی دەستێوەردانی دەرەکی و چەندین جار داواکاریی حکوومەتی ئەفگانستان لە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ یارمەتی سەربازی؛ بەڵێ، بەڕاستی، ئەگەر ئەفگانستان ڕوو لەو وڵاتە دراوسێیەی نەکات کە سەرەڕای ئەو حکوومەتانەی لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا لە کابوول لەسەر کار بوون و دۆستانەترین پەیوەندی دەگەڵیاندا هەبووە، ئەی ڕوو لە کێی بکات؟ باسی دۆخی سەختی خۆمان لە پێوەندی دەگەڵ ئەم داواکاریانەدا کرد و لە کۆتاییشدا، بۆ وەڵامدانەوە بە داواکاری حکومەتی ئەفغانستان، ئاماژەم بە بڕیاری پڕ ئازاری خۆمان کرد. گوتم ئەمڕۆش یەکەیەکی سنووردارى هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ماوەیەکی کاتیی دەچنە نێو ئەفگانستان. پێمان خۆشە ئیمام پێشوەختە لەم بارەیەوە ئاگادار بکەینەوە و سەبارەت بەوهۆکارانەی پاڵنەری ئەم هەنگاوە نائاسایی و سەختە بووە، ڕوونکردنەوەیەکی دەستی یەکەم وەربگرێت. جەختم لەوە کردەوە کە دەستێوەردانی سەربازیی دەرەکی لە ئەفگانستان کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییەکان و تەناهی یەکێتیی سۆڤیەت دەبێت، چونکە ئەفگانستان هاوسێی ئێمەیە.

پشوویەکم دا. ئیمام بێدەنگ بوو. چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێت هەموو شتێکم گوتووە یان نا. لە کۆتایی قسەکانمدا گووتم: "ئەمە هەموو ئەوانە بوون کە ڕاسپێردرابووم بیگەیێنم بەو هیوایەی کە ئەم هەنگاوە لەلایەن ئیمام و ئیرانەوە مایەی تێگەیشتن بێت".

ئیمام بڕۆکانی بەرزکردەوە و گوتی: "ئەو بەبڕەک کارمەلە کێیە"؟ وەڵامم داوە، بەڕاستی نازانم، بەڵام تەنها ڕاو بۆچوونی ئەرێنم سەبارەت بەو بیستووە.

ئیمام داوای کرد سوپاس و پێزانینی بە سەرکردایەتی سۆڤیەت بگەیەنین کە بە پێویستیان زانیوە پێشوەختە ئاگاداری بکەنەوە. دیارە ئەمەش هێمای دۆستایەتی و متمانەیەکە کە ئەو بەرز دەینرخاند.

ئیمام وەک هەمیشە، بە یەک تۆن و هێواش دەدوا، وەک بڵێیت بیرۆکەکانی کۆدەکردەوە، چونکە دەبوو زۆر بەڕپرسانە پەرچەکردار بەرامبەر بەم زانیارییە نائاساییانە بداتەوە. ئاماژەی بەوە دا کە مافی هەموو نەتەوەیەکە بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی بڕیار لە کاروباری خۆی بدات؛ وەک ئاگادار کراوەتەوە لە ئەفگانستاندا، ستەم لە مامۆستایانی ئایینی دەکرێت و مزگەوتەکان دادەخرێن. ئەمە کارێکی دژە گەلییە و نابێت ئاوا ڕەفتار بکرێت. ئیسلام تێکنەشکێنەرە و نابێت قەدەغە بکرێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئینجا پێویستە سۆڤیەتییەکان لەسەر ڕێبەڕانی ئەفگانستان کاردانەوەیان هەبێت. ئەفگانستان وڵاتێکی موسڵمانە، بەشێکە لە جیهانی مۆسڵمان، ئێران بێدەنگ نابێت بەرامبەر ئەوەی لەوێ دەگوزەرێت. ئەگەر لەوێندەرێ ڕێبەڕی دانا هەبێت، ئەوان نابێت ستم لە ئیسلام بکەن. خومەینی گوتی: "بێگومان ناردنی هێزی سەربازیی بۆ وڵاتێکی موسڵمان، کارێکی ناحەزە و شیاوی وڵاتێکی وەک یەکێتیی سۆڤیەت نییە، کە ئێمە ڕێزمان بۆی هەیە؛ دیارە بێشک ئێران ناتوانێت ئەم کارە پەسەند بکات. بەڵام مادام ئێستا هێزەکان چوونەتە [ئەفگانستان]، پێشنیاری من بۆ مۆسکۆ ئەوەیە کە هەرچی زووتر ئەرکەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئینجا هێزەکان

بکشێننەوە. چەند ساتێک پشووی دا و گوتی بێجگە لەوەش "تکا لە ڕێبەڕانی یەکێتیی سۆڤیەت دەکەم بەوردی هەڵسوکەوت دەگەڵ وڵاتانی موسڵمان بکەن، دەنا سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئاست ئەم وڵاتانەدا، سەرکەوتوو نابێت". لێرەدا ئیمام بێدەنگ بوو و سەری داخست.

من سپاسم لە خۆمەینی کرد بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی و جەختم لە ڕاستی لێدوانەکەی کردەوە کە پێویستە لایەنەکانی وەک ئایین و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی دانیشتوان لەپێش چاو بگیرێت. ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێمە.

کاتێک دیتم سەبارەت بەم زانیارییانەم کاردانەوەی خومەینی توندوتیژ نەبوو، سەرکێشیم کرد و هیوای خۆم دەربڕی کە بریا نە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێران و نە وتاربێژانی مزگەوتەکان، سۆز و تورەبوونی خەڵک لە دەوروبەری ئەو پرسەی ئەمڕۆ باسی لێوە کرا، گەرم نەکەن، بۆ ئەوەی کاریگەریی نەرێنی نەکەنە سەر پەیوەندییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و ئێران.

پڕیشکێکی خێرا لە چاوەکانی خومەینیدا گەشانەوە و بەجێگەی وەڵامدانەوەی من، گوتی: "دەتوانم دوو پرس ئاراستەی ئێوە بکەم؟ بڕیارە لەم ڕۆژانەدا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، سەبارەت بە بارمەتەکانی بالیۆزخانەی ئەمریکا پرسی سەپاندنی سزا بەسەر ئێران، تاوتۆ بکرێت. من تێناگەم بۆچی ئەمریکاییەکان لەسەر ئازادکردنی دارایییەکانی ئێمە لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڵ ئێمە ڕێک ناکەون. ئایا یەکێتیی سۆڤیەت پشتیوانی لە بڕیاری سزاکان بۆ سەر ئێران دەکات؟ ئێمە دەزانین، تەنانەت ئەگەر بڕیاری سزاکان پەسەند نەکرێن، ئەمریکاییەکان هەوڵدەدەن تەواوی بەندەرەکان ئێران لە کەنداوی فارس گەمارۆ بدەن. ئایا لەم حاڵەتەدا ئێران دەتوانێت لە هێڵەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ ئەورووپا کەلک وەربگرێت؟"

بێگومان من هیچ ڕێنماییەکی تایبەتم لەسەر ئەو پرسانە نەبوو، بەڵام شیاو نەبوو وەڵامی خومەینی بدەمەوە بەوەی کە داواکانی بە مۆسکۆ دەگەیەنم. ئەگەر بەو جۆرە هەڵسوکەوتم بکردایە، وا پیشان دەدرا کە ئێمە بە جۆرێک لە دووڕەپەڕێزی لەگەڵ ئێران مامەڵە دەکەین، یان وەک هەندێک لە دیپلۆماتکاران دەڵێن: "خۆمان دوور دەخەینەوە". ئەمەش لەم ڕۆژەدا کە سەبارەت بە هەنگاوە بەڕاستی بیرلێنەکراوەکەی ئێمە لە ئەفگانستان، پێویست بە کاردانەوەی هێدی ئێران هەبوو، ڕێگەپێدراو نەبوو. بە ڕوونی دیار بوو کە لە چیرۆکی بارمتە ئەمریکییەکاندا، لە لایەنی ئەمریکاشەوە هەموو شتێک پاك و بێگەرد نەبوو؛ واتە نەیاندەویست ئێران وەک هاوبەشێکی یەکسان لە دانوستانەکاندا سەبارەت بە دارایییەکانی ئێران ببینن. هەرچەندە دەستبەسەرداگرتنی کارمەندانی بالیۆزخانەی ئەمریکا لەلایەن ئێرانییەکانەوە بە پشتیوانی خومەینی، بێگومان پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو. بەڵام سەبارەت بە کەلکوەرگرتنی ئێران لە هێڵەکانی گواستنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، لەمێژبوو بەرکار بوو و لە بەرژەوەندی ئێمەشدا بوو.

بۆیە بە بێ دوودڵی وەڵامی خومەینیم داوە کە دەبێت دڵنیا بێت کە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بڕیاری سزا لە دژی ئێران پەسەند ناکرێت؛ سەبارەت بە هێڵەکانی گواستنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، هەر لە ئێستاوە ئامادەین داواکارییەکی ئێمام جێبەجێ بکەین.

بێگومان بۆم ناچێتە سەر تەواوی گفتوگۆکەم دەگەڵ خومەینی وەک خۆی بگێڕمەوە؛ چونکە ئەمە یادەوەریی پتر لە دە ساڵ لەمەوبەرە. لای من، ئەوەی نووسراوە گوزارشتە لەو شوێنەوارە قوواڵەی کە ئەو دیدارە لە ناخمدا جێی هێشتووە، بەڵام بەوردی لە هەناو و زەینمدا نیشتووە. ڕووداوی ئاوا، هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.

بەڕوونی دیار بوو خومەینی لەم دیدار ڕازی بووە.

دەمزانی درێژدادڕی کاریگەریی نەرێنی بەجێ دەهێڵێت، بۆیە بە سوپاسەوە ماڵاوایمان لە ئیمام کرد. ئەویش هەستا سەر پێ و تەنانەت دەستی بە ئاماژەی ماڵاوایی، و وەک سپاس بۆ ئێمە لە ژێر عەباکەی دەرهێنا و بەرزی کردەوە.

کاتێک هاتینە دەرەوە تووشی قوتبزادە بووین کە بەناڕەزایی و تەنانەت بە هەندێک ئیرەییەوە سەیری ئێمەی دەکرد. نازانم چۆن وا بەپەلە خۆی گەیاندبوو؟ کاتژمێر ٨ی بەیانی بوو. ئێمە چاکوخۆشیمان دەگەڵ کرد، ئەویش پێشنیاری کرد لە گۆشەیەکی نووسینگەکەدا دانیشین و گفتوگۆ بکەین. ئێمە سەرسام بووین بەوەی کە کارمەندانی نووسینگەکە بە بێڕێزییەکی زۆرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. شوێنێک بۆ دانیشتن دابین کرا. دیارە من نەمدەتوانی هیچ شتێک سەبارەت بە دیدارەکە دەگەڵیدا باس بکەم، دیارە قوتبزادە، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بوو و سوودی نەبوو پەیوەندییەکانمان دەگەڵی تێک بچێت (هەڵبەت ئەو کاتی نەمدەزانی پاش ٣ ساڵی دیکە وەک سیخوری ئەمریکا تیرەباران دەکرێت).

بۆیە بۆ قوتبزادەم گێڕاوە کە سەبارەت بە چوونی ئەمڕۆی هێزێکی سنووردارای یەکێتیی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفگانستان و هۆیەکانی، زانیاریمان بە خومەینی داوە. بەئەنقەست باسی کاردانەوەی خومەینی و داواکارییەکانیم نەکرد. قوتبزادە وا خۆی نواند کە بەو هەواڵە سەرسام نەبووە، ڕوخسارێکی سارد و بێباکانەی گرتە بەر و پاشان ماڵاوایمان لێک کرد...

لەژێر هەتاوی بەیانیدا بەرەو ماڵ وەڕێکەوتین. لە ڕێگە باسمان لە کاردانەوەکەی خومەینی کرد و گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڕیارێکی ژیرانە بووە. کاتێک لە تاران نزیک دەبووینەوە، ڕادیۆی ئێرانمان گرت؛ خەریکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی گفتوگۆکەمان دەگەڵ خومەینی بوو. بەڵام جێی سەرسووڕمان بوو لەو زانیارییانەی بە خومەینیمان دابوو، کورتکراوەیەکی پەخش کرا و تەنها باسی چوونە نێوەوەی هێزەکانی ئێمە بۆ ئەفگانستان کرا، پاشان وەڵامێک کە دیار بوو لەلایەن کەسێکەوە داڕێژرابوو و گوایە خومەینی وەڵامێکی توند، نەرێنی و تیژی پێی داوین. هۆکارەکەی بۆ ئێمە ڕوون بوو: دەبا سەردانەکە و زانیارییەکانمان ئاشکر بکرێن و پێویست بووە خومەینی باسیان بکات، هەروەها پێویست بووە هەڵوێستی ئیمام بەتوندی دەربببڕن و هەوڵ بدەن وشەی توند بەکاربهێنین بۆ ئەوەی خەڵک لە هەڵوێستی توندی خومەینی ئاگادار بن. هەڵبەت باسی داواکارییەکانی خومەینی هەر نەکرا. بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسیاشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سەپاندنی سزا لە دژی ئێران، پەسەند نەکرا، ئاڵوگۆڕی کەلوپەلەکان لە ڕێگەی یەکێتیی سۆڤیەت پەرەی پێدرا، و بەم شێوەیە هەوڵی گەمارۆی ئێران پۆچەڵ کرایەوە. سەرەڕای یەکەم ڕاگەیاندنی توند سەبارەت بە دیدارەکەی ئێمە، پاشان لە ماوەی نزیک بە ٦ مانگاندا نە لە لێدوانەکانی خومەینی و ڕێبەرانی سیاسی-ئایینی دیکەدا، ڕەخنەی توند لە چوونی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ نێو ئەفگانستان بڵاو نەبووەوە. پاکستان، وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتانیا و وڵاتانی دیکە بە تورەیی و ناڕەزایەتییەوە دەنگیان بەرز کردەوە، بەڵام ئێرانی دڕاوسێمان بە کردەوە هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا. ئیمام لەسەر بەڵێنی خۆی مایەوە. ئەرکەکە جێبەجێ کرا.

پاش تێپەڕبوونی ٣ مانگ، کاتێک هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، وەک ڕاسپاردەکەی خومەینی نەیانتوانی "ئەرکەی خۆیان جێبەجێ بکەن"، خومەینی لە لێدوانەکانی خۆیدا، ڕەخنەی تووندی ئاراستەی یەکێتیی سۆڤیەت کرد.

لە کۆتاییدا ئاماژە بە وردەکارییەکی سەرنجڕاکێش دەکەم: [کەسێک] زانیوێتی کە خومەینی پاش دیدارەکەی ئێمە، کۆبوونەوەیەکی دەگەڵ ڕێبەرانی باڵای وڵات پێک هێنا. ئێمە نازانین ئەم کەسە کێ بووە، بەڵام بە ئێمەیان ڕاگەیاند، قوتبزادە کە لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بووە، پێشنیاری کردووە کارمەندانی باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت لە تاران

تاکوو کشانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ئەفگانستان، بە بارمتە بگرن. ئیمام ڕەدی کردووەتەوە و گوتوویەتی: "ئێمە هەر ئێستا لەگەڵ یەکێک لە زلهێزەکان لە کێشەداین، چ پێویست دەکات لەگەڵ یەکێکی تریشیان ببینە دوژمن؟".

دیارە قوتبزادە سەرەنجام نیازی خۆی بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤیەت و ئێران جێبەجێ کرد. واتە هێرش کرایە سەر باڵیۆزخانە و وێرانکارییەکی زۆر کرا، ئەگەر دەستوەردانی خومەینی نەبوایە، کە ڕاستەوخۆ لەناو باڵیۆزخانە گەمارۆدراوەکەوە و لەژێر دەنگی شکانی پەنجەرەکان و هاواری جەماوەردا بەناچاری پەنا بۆ خومەینی برا، کارەکە بە خراپی کۆتایی دەهات. بەڵام ئەوە چیرۆکێکی ترە.

دەقی تایپکراوی ڕەسەن، بە ڕاستکردنەوە و واژۆی خودی نووسەر

## پاشکۆ

### ب،گ، کۆرگوون

لە یەکەم نیگادا، ئەو کارەی کە باڵیۆزخانەی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران لە شەوی ٢٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا ئەنجامی دا، بە شتێکی باوەڕپێنەکراو یان تەنانەت ئەفسانەیی دێتە بەرچاو؛ بەتایبەت ئەگەر بارودۆخی ئەو کاتەی ئێران و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە لەبەرچاو بگرین. تەنانەت کەسێکیش کە شارەزاییەکی باشی ئەو بارودۆخەی هەبێت، دەتوانێت ڕێک بێژێت: " هەرگیز نەدەکرا شتێکی وا ڕووبدات!" چونکە لە ڕاستیدا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لەو سەردەمەدا بەتوندی ئاڵۆز ببوون؛ هێشتا ساڵێک بەسەر شۆڕشی ئێراندا تێنەپەڕیبوو، کە یەکێک لە دروشمەکانی بریتی بوو لە "مەرگ بۆ شەیتانی بچووک!"(٨) (واتە یەکێتیی سۆڤیەت) . بە هەر حاڵ، لە بارودۆخێکی پڕ لە دوژمنایەتیدا، باڵوێزخانەی سۆڤیەت ناچار بوو ئەو ئەرکە چاوەڕواننەکراو و سەختەی کرێملین جێبەجێ بکات و بە سەرکەوتوویش لێی دەرچوو.

کارێکی لەو شێوەیە دەبێت پاڵنەرێکی سیاسیی زۆر جیددی لەپشت بووبێت. هەر بۆیە نەبوونی هیچ ڕوونکردنەوەیەک لە یاداشتەکانی باڵیۆز (ق. م. قینۆگرادۆڤ) سەبارەت بەو هەنگاوەی مۆسکۆ، ئەم پرسیارە سەرەکییە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە: "ئامانج لەو جووڵە دیپلۆماسییە بێ وێنەیە چی بوو کە هیچ ئەنجامێکی دیاری نەک بۆ پەیوەندییەکانی سۆڤیەت و ئێران، بەڵکوو بۆ هەڵوێستی دواتری ئایەتوڵڵا خومەینی و خودی ئێران بەرامبەر شۆڕشی ئەفغانستان نەبوو؟ ئایا باڵیۆز و ڕاوێژکارەکانی بیریان لە لێکەوتەکانی هەنگاوێکی وەهایان کردبووەوە؟ بە هەر حاڵ، ئەمە زیاتر پرسیارێکە بۆ ستراتیژیستەکانی کرێملین کە پلانی سەرکێشییەکەی ئەفگانستانیان کێشابوو. ئەو لێکەوتانەش، دەیانتوانی بۆ پەیوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەردوو وڵات زۆر نەرێنی بن. مێژووی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەفگانستان بەڕاستی هەرگیز نزیک و گەرموگوڕ نەبووە. بەڵام دەستێوەردانی سەربازیی سۆڤیەت بۆ نێو وڵاتێکی دراوسێ، نەک تەنها بە واتای داگیرکردنی لەلایەن "بێباوەڕان" و بێڕێزیکردن بە ئیسلام و یاسا و دابونەریتەکانی دەهات، بەڵکو دەبووە هەڕەشەیەکی گەورەش بۆ سەر خودی ئێران؛ ئەمەش شتێک بوو کە دەبوو ئایەتوڵڵا بە ڕوونی لێی تێبگات. لەو ڕووەوە، هێمنی و نەبوونی هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی سۆزداری لە لایەن خومەینییەوە لە کاتی گوێگرتن لە هەواڵێکی وەها ناخۆش کە دوای چەند ڕۆژێک ڕای گشتی جیهانی هەژاند، جێگەی سەرسوڕمانە. ڕووداوێک کە لە ساڵی ١٩٨٠ەوە تاوەکو کشانەوەی هێزەکان لە ساڵی ١٩٨٩، زۆرینەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کشانەوەی دەستبەجێی هێزە بیانییەکانیان لە ئەفگانستان دەکرد، لە کاتێکەدا بێجگە لە سوپای یەکێتیی سۆڤیەت هیچ هێزێکی تری بیانی لەوێ نەبوو. ئایا باڵیۆزی سۆڤیەت پێشبینی ئەم جۆرە کاردانەوەیەی لە لایەن ڕێبەری ئایینی ئێرانەوە کردبوو؟ ئەم پرسیارە وەک زۆر پرسیاری دیکە، بێ وەڵام ماونەتەوە. باڵیۆز

چیرۆکێکی فەرمی دەربارەی هۆکاری هێرشکردنە سەر ئەفغانستان بۆ ئێرانییەکان باس کردووە، بەڵام ئەو قسانە ئەو کاتیش زۆر دەستکرد و بێمانا و ناڕاست بوون. لە وەڵامی ئەو پاساوەی کە ئەمریکا هاوکاری نەیارانی شۆڕشی ئەفگانستان دەکات، خومەینی ئاماژەی بەوە کرد کە: "مافی هەر گەلێکە خۆی بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی بڕیار لەسەر کاروباری خۆی بدات". هاوکات، گلەیی لەوە دەکرد کە دەسەڵاتدارانی نوێ لە ئەفگانستان "ستەم لە پیاوانی ئایینی دەکەن و مزگەوتەکان دادەخەن، و ئەمەشی بە "کارێکی دژە گەل" لەقەڵەم دەدا. لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی گشتیدا، دەکرێت ڕای ئیمام وەک شتێکی ناڕوون یان دوو لایەنە لێک بدرێتەوە، واتە ئایا مەبەستی دەستوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت پشتگیریکردنی ڕژێمێکی دژە ئیسلام نەبووە، بۆیە هێزی ڕەوانەی وڵاتێکی موسڵمان کردووە؟ ئەگەرچی ئەمە ئەگەرێکی کەمە، بەڵام دەکرێت وا بووبێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە سیاسییەی بڕیاری ڕەوانەکردنی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت بۆ ئەفگانستان تێدا درا، ڕەوایی و ڕاستگۆیی ئەم هەڵوێستە دیپلۆماسییە دەکەوێتە ژێر پرسیار و دەکرێت وەک مانۆڕێکی لاوەکی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. پێدەچێت بۆ ئەم کارە هۆکاری بنەڕەتی هەبووبێت. ئێستا ئیتر زانراوە کە بڕیاری ناردنی سوپا بۆ ئەفگانستان لەنێو بازنەیەکی تەسک، واتە لەلایەن شەش ئەندامی سەرکردایەتی پۆلیتۆبۆرۆی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت دراوە. ئەم بڕیارە بەنهێنی و بەبێ ئاگاداریی سەرکردەکانی دیکەی حیزب و دەوڵەت، کۆمیتەی ناوەندی، ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت و تەواوی گەل دراوە. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بەو هەموو نهێنیپارێزی و بێمتمانەییە، چۆن زانیارییەکی یەکجار نهێنی گەیەندراوەتە سەرۆکی وڵاتێکی دراوسێ کە زۆریش دۆست نەبووە؟

ئێستا تەنها دەتوانرێت مەزەندە بکرێت کە ڕێبەرانی کرێملین چییان لە خومەینی ویستووە: گومان دەکرێت ئەوان بەدوای پشتیوانی خومەینیدا بووبن، ئایا هەوڵیان داوە بەم شێوەیە بۆ ماوەیەکیش بێت، ئەگەری کردەوەی دوژمنکارانەی ئێران پووچەڵ بکەنەوە؟ ئایا بەڕاستی کرێملین پشتی بە کورتخایەنی ئەو هەڵمەتە سەربازییە بەستبوو و مەبەستی ئەوە بووە دەرفەت نەداتە ئێران وەک وڵاتێکی نەیاری ئێمە، داگیرکاریی یەکێتیی سۆڤیەت پووچەڵ بکاتەوە و یان بە لانیکەم ڕێگری لێ بکات؟ خۆشبەختانە تاران نەیتوانی، یان بەتەمای ئەوە نەبوو بە شەڕ وەڵامی کردەوەکەی یەکێتیی سۆڤیەت بداتەوە، هەرچەندە زۆر بە تووندی دژی شۆڕشی ئەفغانستان وەستایەوە. هەرچەندە زۆر شتی نادیار و پرسیاری بێ وەڵام و گریمانەی جیاواز هەیە، بەڵام ناتوانین گومان لە قسەی ئەو دیپلۆماتکارە گەورە و جێگەی متمانە بکەین کە لە یاداشتەکانیدا باس لە ڕاستییەکی مێژوویی دەگمەن دەکات و لایەنە شاراوەکانی پەیوەندیی نێوان سۆڤیەت، ئێران و ئەفگانستانمان بۆ دەردەخات. بەتایبەتی کە لەم دواییانەدا ئەم چیرۆکە لە کتێبە مێژوویی بنەڕەتییەکەی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەفگانستانی "وەحید موژدە" بە ناونیشانی "پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان لە سەدەی بیستەمدا"، کە ساڵی ۲۰۱۰ لە کابول چاپکراوە، پشتڕاست کراوەتەوە . بەداخەوە، ئەم نووسەرە زۆر بە کورتی تیشکی خستووەتە سەر دیداری نێوان ئایەتوڵڵا خومەینی و باڵیۆزی سۆڤیەت، کە تێیدا باڵیۆزەکە ڕێبەری ئێرانی لە چالاکییە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکەی وڵاتەکەی بۆ سەر ئەفگانستان ئاگادار کردبووەوە. لەم نێوەندەدا، "وەحید موژدە"(۹) وتەیەکی خومەینی بەرامبەر سۆڤیەت تۆمار کردووە کە دەڵێت: "ئەگەر ئەفغانستان داگیر کەن، ناتوانن تێیدا بمێننەوە"(۱۰) . بە ڕاستیش پێشبینییەکەی ڕاست دەرچوو...

*https://ivran.ru/f/Arhiv-Vostok۲۰۱۳-۲۷-.pdf

## پەڕاوێزەکان:


١- ئەم ناونیشانە هەڵبژێردراوی وەرگێڕە.
٢- https://ivran.ru/f/Arhiv-Vostok-٢٧-٢٠١٣.pdf

٣-بە ناونیشانی « تاران. ٢٧ی دیسەمبەری ١٩٧٩. لە یاداشتەکانی باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت».
٤-ڤ. گ. کۆرگوون، پرۆفیسۆر و دوکتۆری زانستە مێژوونییەکان، ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتیِ-ڕووسی لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨ وەک وەرگێڕی کارای باڵیۆزخانەی یەکێتیی سۆڤیەت لە کابوڵ پایتەختی ئەفگانستان کاری کردووە. لە ١٩٦٨-١٩٧١ لە بەشی زمانە بیانییەکانی پەیمانگای سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگری یەکێتیی سۆڤیەت مامۆستای زمانی فارسی بووە و لە ساڵی ١٩٧٥ەوە وەک کارمەندی زانستیی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا کاری کردووە. لە ساڵی ١٩٩٠ بە بانگهێشتی زانکۆکانی ویلایەتەکانی نێیراسکا و کالیفۆرنیای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەی دەربارەی ئەفگانستان گوتووەتەوە. لە ساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٥ مامۆستا بووە لە بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست لە پەیمانگای وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا لە زانکۆی دەوڵەتی لۆمۆنۆسۆڤ مۆسکۆ و بەشی توێژینەوەی ناوچەیی لە زانکۆی سەربازیی زمانە بیانییەکان لە وەزارەتی بەرگری فیدراسیۆنی ڕووسیا. لە ساڵی ٢٠٠٩ەوە مامۆستا بووە لە بەشی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە پەیمانگای دەوڵەتی مۆسکۆ بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.- وەرگێڕ.
٥- لە دەقە ڕووسییەکادا بە هەڵە «لێنگمان» نوسراوە. «L. Bruce Laingen ١٩٢٢-٢٠١٩» .-.وەرگێڕ.
٦- دکتۆر جەمشید حەقگوو، لەدایکبووی ورمێ لە ساڵی ١٣١٧. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، بوو بە پارێزگاری ورمێ و دواتر بوو بە جێگری کاروباری ئابووری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران.-وەرگێڕ.
٧- مەبەست ڕۆخانی ڕژێمی داود خان بە دەست ئەفسەرانی «حیزبی دیموکراتیکی ئەفغانستان»ـەـ.-وەرگێڕ.
٨- دروشمی «شەیتانی مەزن» و ئاماژەی سەرەکی دژایەتیکردنی ئێرانییەکان ڕووبەڕووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە.
٩- وەحید موژدە. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان ئێران و ئەفگانستان لە سەدەی بیستەمدا. کابوڵ ٢٠١٠ (بە زمانی دەری).
١٠-هەمان، ل. ٢٠٩.